## پیرۆزبێت یادی
## ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشووری کوردستان!

١٤ ساڵ لەمەوبەر، گەلی کوردمان لە باشووری ولاتەکەمان، لەدژی داوودەزگەی ڕژێمی داگیرکەری سەددامی خوێنڕێژ، ڕاپەڕینێکی مەزنی بەرپا کرد و، بەهۆیەوە، سەرتاسەری باشووری کوردستان – بە کەرکووکیشەوە ڕزگارکرا.

ئەنجامەکانی دوای ڕاپەڕین و، کۆچڕەوی چەند ملیۆنی و دواتر دامەزرانی "هەرێمی ئاسایش"، بوونە هۆی ئەوە کە بەشێکی گەورەی باشووری کوردستان، بۆ پێشگرتن لە دەستدرێژیکردنی ڕژێمی عێراق، ڕاستەوخۆ بکەوێتە ژێر پارێزگاریکردنی دەوڵەتەکانی زلهێزی دنیاوە.

ئەگەرچی ئامانجەکانی ڕاپەڕین، بوونە قوربانیی ئامانج و بەرژەوەندیی حیزبایەتی و، لەهێڵی نەتەوەیی خۆی دوورکەوتەوە و بەلاڕێدا برا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی ڕاپەڕین پێشانیدا کە تەنیا گەل و جەماوەر، سەرچاوەی هێز و گۆڕانکارین و، هەر ئەوانیشن دەتوانن لەداهاتوودا کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی دوور لە گەندەڵی و، کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ بونیاد بنێن.

**پیرۆزبێت یادی ڕاپەڕین!**

**بژی کورد، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**

## ماوەی یادێکی نەورۆز....

هیچ خێریکی بۆ کورد تێدا نابێ و، لە ئەنجامدا، چەند ڕژێمێک دێنەسەرکار، کە فشەدۆستایەتییەک لە گەڵ ئەمریکا و ئەورووپا و رووسیا و چین دەبەستن و، کوردیش لەولاوە دادەمێنن و، دەست لە گونان درێژتر.

ئەورۆ، لەنێو کورددا، باس باسی «گەندەڵیی بەڕێوەبەرێتیی» یە. ڕاستە، بەڕێوەبەرێتیی گەندەڵە، بەلام گەندەڵیی بەڕێوەبەرێتی، لە گەندەڵیی جەماوەرەوە هاتووە. هەرچەندە لەنێو خەڵکدا واباوە کە ماسی لەسەرەوە بۆگەن دەکا، بەداخەوە، ماسییەکەی کورد لە بنەوە بۆگەنی کردووە و، بۆگەنی خوارەوەیە، داویەتە سەرەوە. جەماوەرێکی دەستپاک و هۆشیار و بەتەنگەوەهاتوو، کاربەدەستانیشی هەر لەو جۆرە دەبن. پێچەوانەش، بە پێچەوانە.

کورد دەبێژن؛ خواردنێک بۆ ئەوەی بۆگەن نەکا، خوێی دەکەن، ئەی ئەگەر خوێیەکە بۆگەنی کرد، چی لێدەکەن؟.

بەڵێ.... جەماوەر گەندەڵە. ئەوجا بانەترسین لە تانووتی کەس و قسەیەکیش بۆ شەیتان بکەین. ▣

## ماوەی لاپەڕە ٢٦

نەکردووەتەوە کەی ئەو بەڵگانەی دەستکەوتووە".

دوکتۆر جەمال ڕەشید لە درێژەدا دەڵێ: «وەک مامۆستا شێخ ئەمین شێخ الاسلامی پێیڕاگەیاندووم، فەرمووی، سەعید لەبەر چارەسەری نەخۆشی چاوی عەباس قولی خان، باپیرە گەورەی بەگزادەی "ڕەزاو" لە هەورامان، پەیدابیوو، پێش هاتنی ئەو، شێخ عەلادین نەقشبەندی دەچێتە ئاوایی (پاڵنگان) ی نێزیک قەلای ئەردەلانییەکان لە "تەنگی بەر"، لەسەرەتای چۆمی سیروان بۆ پشکنینی ئەشکەوتێکی ڕۆژهەلاتی پاڵنگان. شێخ موریدێکی خۆی کە بە "وەرگڵە" نێوبانگی هەبووە، بۆ ئەوێ دەنێری و بە یاریدەی چەند کەسێک نێوەڕاستی ئەشکەوتەکە هەڵدەکۆڵێ کە پڕدەبێ لە چەڵتووک. لەوێ کوویەیەکی داخراو و سەربەستراو بە مۆم کە لە شێوەی شووتیدا دەبێ، دەردەهێنێ. پاش ئەوە کووپەکە لە تەنیشت ئاگردان ڕادەگرن تا مۆمەکە دەتوێتەوە و، لەنێویدا ئەو بەڵگەنامانە دەبن کە بە هەرزن لە کووپەکەدا حەشار دراون. گرنگی ئەو دیکۆمێنتە بۆ ڕۆنکردنەوەی قۆناخی دیاریکراو لە سەرهەڵدان و پەیدابوونی زمانێکی دیاریکراو لەم سووچە لە جیهان و ڕۆڵ و دەورێک کە لەسەر مێژووی زمان و وێژەی هەرێمەکەدا هەیانبووە، ناتوانرێ بە هاسانی بەسەریدا باز بدرێ و پشتگوێ بخرێ. هەبوون و دۆزینەوەی دیکۆمێنتێکی ئەوتۆ لە هەرێمێکدا کە تائەورۆ خەڵکی تێدادەژی و، بە زمانێک دەدوێن کە بۆ هەر ئەو خێزانی زمانەوانی دەگەڕێتەوە کە زمانی نووسراوەکەیە و، وەک دیاردەیەکی مێژوویی، پێوەندیی بە ئەو جێگەوە هەیە کە لێی دیتراوەتەوە. ژمارەی ئەو دیکۆمێنتانە زۆر بوون، بەلام تەنیا سێ پارچەی لەرێگەی پرۆفیسۆر "براون" ەوە کە هاوڕێی دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی بووە، دەستکەوتووە کە لە سەردانێکدا بۆ شاری لەندەن بۆ دەواودەرمان کڕین چووە، پێشکێشی پرۆفیسۆر براون یان دەکات و، لە مۆزەخانەی بریتانیادا پارێزراون».

**«ماویەتی»**